www.kurdistannet.org
25-3-2002 11:10

# ئامادەو برز لەناو کەلتوورێکی تردا..!

## رازي جولةكةيةكي عةرةبي عيراقي لة ئيسرائيل .!

ئا: شـــێرزاد هەیـــنی ــ سوید
heinisherzad@hotmail.com

زۆر لەمێژبوو، شەیدا ئەوەی بووم، نوسینێك، دیدارێك، توێژینەوەیەك لەسەر ئەو جولەکانە ببینم و بیخوێنمەوە، ئەوانەی لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا، لەولاتانی عەرەبی و ناوچەکە بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد. حەزم دەکرد، زۆر لەسەر بە ئیسرائیلی بوونیان بزانم، حکومەتی ئەوان، چۆن مامەلەیان وەك جولەکەیەکی خۆرهەلاتی لەگەلْ دەکردن. جولەکە خۆرئاواییەکان چۆن نیگایان دەکردن، رەوشیان لەم ولاتەدا چۆنەو چۆن بووە ..!!؟؟ ئەوەم دەویست لەسەرچاوەیەکی ئیسرائیلی ببینم، نەك لە سەرچاوەیەکی عەرەبی، یان فەلەستینی، یان بە هەردوو تێروانین، ئەوە ببینم. بزانم، چۆن دەژین، چۆن هاتن، چۆن گەیشتن، چۆن لەو ولاتە تازە بە کێشەو بەردەوام شەڕە گوزەرانیان کرد....؟؟

ئەوەی دەستم کەوت، چەند لاپەرەی دیدارێکە لەگەلْ نوسەری جولەکەی عەرەبی بە نەژاد عیراقی " شمعون بلاص" ە. ئەو نوسەرێکی دیارە لە بواری ئەدەبی عەرەبی و بە هەردوو زمانی عەرەبی و عبری، رۆمان و نوسینی هەمەجۆری لە ئیسرائیل و لە دەرەوەی ولاتا پەخشکردووە. یەکەمین بەرهەمی نوسینی لەبەر رۆشنایی رۆمانی عەرەبی و جولەکەیی لە سالْی 1964 نوسیوە. لەم نوسینەیدا، لە ژیانی ناو خیوەتگاکانی سەردەمی هاتنی خۆیان بۆ تازە ولاتی ئیسرائیل دەدوێت.

دیدارەکە درێژە، وا دەردەکەوێت زۆری بۆ عەرەبیبوونی خۆی و کاری ناساندنی بۆ جولەکەو میللەتانی ناو ئیسرائیل بە رۆشنبیری و کەلتووری عەرەبی کردووە. یان لە ئەزموونی نوسینی خۆی زۆر دواوە.

بەلاّم من چەند خالْم مەبەستبوو بیکەمە کوردی، ئەویش هاتنیان بۆ ئیسرائیل و سەرەتای دامەزراندنیان و ئاوێتە بوونیان بەو رەوش و کەلتوورەو ئاوێتەبوونیان بە کەلتووری جولەکە ئەوروپاییەکانی ناو ئیسرائیل.

بە یەکەم رۆمانی باش و جوان ئەو هەستەی وەك جولەکەیەکی عەرەب و ژیانی سێ سالْی یەکەمیان لە خیوەتگاکانیان دواوە. یەکەم نوسەرەی جولەکەیە، لەو روانگەوە لە تاراوگەو ئەم گوزەرانە دەدەوێت. پالەوانەکەی نمونەیەکە، بەناوی " یوسف شابی" مامۆستا لەو گەرەکە جولەکە عیراقیانەی تازە هاتوون، ئەو مامۆستایە دەگاتە خوێندنی بالاو دەچێتە دەرەوەی ولات بۆ تەواوکردنی خوێندن. ئەو پالەوانی لە واقیعدا بەرجەستەکردووە، 48 سالْ بەر لەو دیدارە لە عیراقەوە هاتووە. ئەوانەی لە رەوە بە کۆمەلەکانی ولاتانی عەرەبییەوە هاتوون. ئەو ئەوەی تۆمارکردووەو نوسیویەتی، لە ئەنجامی ئەوەی جولەکانی عێراق لەسەردەمی " نوری سعید" جنسیەی عیراقیان لێ وەرگیراوەتەوە، وەك جولەکەکانی تر رایانکردووە، ناچارکراون کۆچ بکەن.

بە رۆمانی " المعبراه" لە ژانی نیوەی ئەو جولەکە خۆرهەلاتیان دەدوێت. ئەوانەی لەو ولاتە تازەیەدا دووچاری زۆر نالەباری هاتبون. لەم روانگەیەوەدا، چەندین کاری داهێنەرانەی لە چیرۆك و رۆمان و رەخنەو دەقی وەرگێراوی تۆمارکردووە. لەو کۆمەلگایەدا لە نێوان دوو کەلتووری جیاوازا، لەناو کۆمەلگایەکی گەورەدا گوم ببوو. ئەوی منالێکی عیراقی و عەرەبی زان، بۆ ناو رەوشێکی

تازەو زمانێکی نوێ، ئەو کێشەو ڕۆژگارانەی لە ڕۆمانەکانیدا ئاوێتەکردووە. زۆر ڕۆمانی بەزمانی عیبری نوسی، هەر خۆشی زۆری تەرجەمەی عەرەبی کردونەتەوە. لە ڕۆمانەکانیدا، وا دیارە هێشتا سۆزی بۆ ولاتی یەکەمی، عیراق هەر زۆرەو هەر بۆی دەسوتێ.

لە ولامی ئەوەی ئیسرائیلەکانی نەژاد ئەوروپی چۆن مامەلەیان لەگەڵ کردوون، یان چۆن تەماشای نوسینە بە سۆزەکانی تۆیان بۆ عیراق و خۆرهەلات کردووە. ئەو وتویەتی، من زۆر دووچاری رەخنە هاتووم، ئەوان بە چاوی کەم تەماشای جولەکەی خۆرهەلاتیانکردووە. ئەوان، مرۆڤی خۆرهەلاتی و ولاتانی خۆرهەلات بە پاشکەوتوو دەزانن. ئەوان وا دەخوازن، ئێمە کەلتووری عەرەبی لەبیر خۆمان ببینەوە. لەو کەلتووره داماناڵن.

<u>کە پرسیاری ئەوەی لێکراوە، کەی هاتووی بۆ ولات .. لە وەلامدا وتویەتی:</u>

تەمەنم 21 ساڵ بوو، کە کۆچمانکرد. ئەو ساڵە، ساڵی 1951 بوو. لەو سەردەمەبوو، کە بە رەوە بەرەو ولاتی تازەی ئیسرائیل لە ولاتانی عەرەبی رەومانکرد. من ئەو دەمە لە عیراق لاوێکی شیوعی بووم. لەو حزبەی کە هاورێ " فهد " دایمەزراندبوو، ئەندامێکی کارای بووم. لە تەمەنی 16 ساڵیدا ببوومە شیوعی. پاش نسکۆو شکانی شەری 1948و گرتنە بە کۆمەلەکانی ناو ریزەکانی حزب و لەسێدارەدانی هاورێ " فهد " و گیران و کوشتنی زۆربەی سەرکردایەتی ئەو حزبە لە سەردەمی " نوری سعید" دا، ئێمە دووچاری چارەنووسی ئالۆزو ناهەموار هاتین. من وەك شیوعیەك بە پلەی یەکەم و، وەك جولەکەیەك، بە پلەی دووەم گوشاری زۆرم هاتە سەر. ئەو دەمانەش گوشاری توندو زۆر لەسەر جولەکەکان هەبوو. ئاسانکاریی کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل بۆ دەکرا.

من هەرگیز زایونیزم نەبوویمە، وەك زایونیزمك، بیرم نەکردیتەوە. وەك ئەوانیش کۆچم نەکردووە، من ناچاربووم، ناچارکراین..!! هیچ ئەگەری ژیان و مانەوەمان نەمابوو. گوشاری دەرەوەو ناوەمان لەسەربوو. تاکە بوارو رێ خەباتم ئەوەبوو، بەرەو ئەو ولاتە کۆچ بکەم و لەوێ دەست بە خەبات بکەمەوە. ناسنامەی عیراقیان لێ سەندینەوە..!! یاسای پوچەلکردنی ناسنامەی جولەکان لە عیراقدا، لەلایەن حکومەتەوە پەسندکرا. بوارمان نەما. ئاسانکاری بۆ کۆچمانکرا، بەرەو سنووری ئێران رۆیشتین. بەشێکی زۆر لە جولەکە عیراقییەکان رۆیشتن. کە کەنیسەو یانەو مەلبەندەکانی جولەکەکانیان لە بەغدا بۆمبابارانکرا، کە تەقەمان لێکرا بواری ژیان و مانەوە نەماو، ئەوەی مابوو، ئەوەی دوودڵ بوو، ئەوانیش رۆیشتن. لەو رۆژانەدا زۆرترین ژمارەی جولەکەی عیراق رۆیشتن، هەموو رۆیشتن. پەیوەندی و
لەیەکگەیشتن لە نێوان رژێمی عیراق و زایونیزما بە جوانی و بە بەرنامەی دارێژراو هەبوو. من هیچ بیاتۆ بۆ کۆچەکەمان نادۆزمەوە، ناچارکراین. بەناچاری رۆیشتین. من بە ماڵەوەم ووت، من تەنیا دەرۆم، من زۆر تەنگاوم، من دەرۆم، ئێوە بمێننەوە، هەموومان نارۆین. بەلام دایکم، سووربوو لەسەر ئەوەی هەموو بەیەکەوە برۆین. لە دواییدا هەموو رۆیشتین، باوکم مایەوە. بیست ساڵ بە تەنیا مایەوە، کە زۆر نەخۆش کەوت، هاتە مردن، رەوانەیان کرد، هات لە ئیسرائیل مرد، بەداخەوە من ئەو کاتە لە سۆربون دەمخوێند، نەمبینی، کە مرد من لەوێ نەبووم. ئەوە هەفتاکان بوو، لەسەر پشتی نقالە هێنایان، شەش رۆژ مابۆوەو مردبوو.

کە هاتین، کە رەوانەکراین، دەمانزانی دەبێ لەناو خیوەت و لەسەر هەواری خەلکی تردا بین و لەسەر ئەو هەوارە چۆلانە، لەناو ئەو رەشمالانەدا بژیین، کە بۆ تازە هاتووەکان سازکرابوون. ئەوێش ناخۆش و ئازارو دەردەسەری بوون، بەلام ناچاربووین. بۆیە من زۆر داوام لەدایکم کرد بمێنێتەوە، ئەو بۆ ئەو رەزالەتە نێت. ئەو وا وەلامی دامەوە:

<u>گوایە من چاوەروانی ئاشتی بکەم، تا رەوشەکە ئارام دەبێت و تۆش دەگەرێیتەوە، ئەوەیان هەرگیز نابێ و ئاشتی هەرگیز بەرقرار نابێت...!!</u>

یەکەم شت، لە رۆژنامەی حزبی شیوعی گەڕام، دەمزانی رۆژنامەی حزبی شیوعی ئیسرائیلی ناوی " کول علهام" ە، زوو دانەیەکم کڕی، رۆژنامەکە بە زمانی عبری بوو، منیش یەك وشەم نەدەزانی بخوێنمەوە، بەلآم هەر خۆشیم پیّ دەهات. ئەوەی زۆر دلشادی کردم، رۆژنامەی حزبم بینی بە ئاشکرا دەفرۆشێت. من وا راهاتبووم بیشارمەوە، لەناو گیرفانمی بئاخنم. من زوو پەیوەندییم بە رێکخستنەکانی حزب کرد. منیان بە گەنجینەی حزب زانی، زۆرم بۆ راڤەکردن، باسی کۆمونەی پاریس و شۆرشی فرنسی و شۆرشی لینین و چەندین بابەتی ترم بۆ کردن. بە رۆژنامەی " کولعهام " فێری زمانی عبری بووم. ئەدەبیاتی حزبم بە زمانی عبری خوێندەوە، زۆرم تێدا دۆزییەوە. دیداری سەرکردە شیوعیە عەرەبەکانی حزبم کرد. لە رۆژنامەی " پۆستی باشوور" شتم نوسی. یەکەم جار " ئەمیل حبیبی " م بینی. لە سەرەتای پەنجاکانا بە زمانی عەرەبی شتم نوسی.

تا سەرەتای شێستەکان، ژووان و دیدارم لەگەڵ حزب بەردەوام بوو. لەسەر بۆچوونی ئایدلۆژی نێوانمان تێکچوو. حزب لە کۆنگرەی بیستەمیدا ئەو درزەی تێدا بەدیکرا. سەبارەت بە دیمکراسی و دیدی بۆ ئەدەب و هونەرو کێشەی عەرەب، هزرو بۆچوون ئاشکرابوون. لە سالّی 1960 وازم لە رێزەکانی حزبی شیوعی هێنا، چیتر لە رۆژنامەکەی حزبا نوسینم نەنوسی. من لەبەر نەگونجان لە کەسایەتی و ناسنامە وازم لە حزب نەهێنا..!! دەرگاکەم وا توند بەروویدا دانەخستبوو..!! من وازهێنانی خۆم لە حزب بە دابڕانێکی بە ژانی ناودەبەم. من لە منالّیەوە، لەم حزبەدا کارم کردبوو. من لەبەر رەوشی ناوەوەی حزب و رەوشی ناوەوەی ولآتانی سۆشیالیست و ئازادی تاکە کەس وازم هێنا. کە ئەوانە ئاشکرا بوون، درۆیەکان روویان دەرکەوت، ئاشکرابوون. شتەکان لەناکاو دەرکەوتن. وازم هێنا. ئێمە لەگەڵ بریسترویکا شتەکانمان بۆ دەرنەکەوتن، زووتر، هەر لە سالآنی شێستەکانا بۆمان دەرکەوت. ئەوەش ژانێکی گران بوو. پاش ستالین و خروتشۆف بەیەکجاری نائومێد بوین. هەستم کرد من بۆ نوێکردنەوەم، پێویستم بە گۆڕان هەیە. با هەنگاو لەبواری تازە بنێم.

لە رۆژانی ژیان وکاری حزبیم و ئاوێتەبونمان بەو رەوشە تازەیەدا، دووچاری زۆر کێشەی ئالۆزو دووفاق دەهاتین، وەك: جولەکە ئەوروپیەکان خۆیان بەرزترو زاناترو وریاتر دەزانی، ئەوان هەموو جولەکەیەکی خۆرهەلآتیان بە دواکەوتووو نەزان دەزانی. هەبوو دەیویست دیواری نێوان ئێمەو عەرەبی فەلەستین بەرز راگرێت. جولەکەکانی سۆڤیەتی جاران، خۆیان، لە بەرامبەر ئەوان لە ئێمە بە شکۆتر دەزانی. شانازییان بە کەلتووری خۆیان زۆرتر دەکرد. هەرگیز قبوولیان نەبوو ئەوان وەك ئێمەی ولآتانی عەرەبی بەیەك چاو سەیر بکرێن. زۆر زەحمەت بوو بتوانن ئێمە وا رابێن بەچاوی رق و دژایەتی بەرامبەر عەرەب و کەلتووری عەرەب هەڵسوکەوت بکەین. ئاسان نییە دوێنیّ لەبیر بکەیت و دوو کەلتوور بەیەکەوە وەرگریت و مامەلەی پێبکەیت.

ئەو نوسەرە عەرەبە جولەکەیە، نوسینەکانی لەم بازنەیەدا دەرنەچووە، وەك عەرەبێك، وەك نوسەرێك، ژانی جولەکە عەرەبەکانی سنووردارکردووە. رۆمانێکی نوسیوە، پالەوانەکەی لەو گێژاوی عیراقی سییەکان، جولەکەیەکەو دەبێتە ئیسلام، تا ئازارو ستەمەکانی سووك بێت، ئەوەش دەلّیّ، ئەوەش نویّ نەبووە، جولەکەکان و مەسیحیەکان زوو بونە ئیسلام تا خۆیان رزگاربکەن، چیتر لەو دوو قەوارەیەو لەو دوو کەسایەتیانە نەمینێنەوە، خۆیان لە کۆمەلگەی زۆرینە تاواندەوو تەواو.

کۆمەلە چیرۆکی " لەبەردەم شوورەکەدا" کە لە شێستەکانا بلآویکردیتەوە، لەوێش باس لەو دیوارە بەرزە نێوانیان دەکات، باسی ئەو زیندانە گەورەیە دەکات کە ئەوان تێدا دەژیان. زەحمەتە لە کۆمەلێك گوزەربکەیت و ئاوێتەی نەبوییت و غەریب بوییت.

کە رۆمانم بە زمانی عبری نووسی، دەبوایە لە عەرەبییەکە دووربکەوەمەوە، نەدەکرا بە عبری بنوسم و گویّ لە عەرەبی راگرم و رادێوی عەرەبی ببیسم. چونکە بەراستی نوسین بە زمانێکی تر و دۆزینەوەی سەرچاوەو کەرەستەو کەسی تر ئاسان نییە. تۆ بۆ خەلّکێکی ترو کەلتوورێکی تر دەنوسیت. زەحمەتە لە کارگەو بازاڕو شەقاما جۆرێك بیربکەمەوەو بە زمان و بە رەوشێکی تر بنوسم. بۆیە بە عبری نوسیم. تا شەوێکیان رۆمانی " دعاء الکروان " ی تەها حوسینم خوێندەوە. ئەو شەوە هەستم کرد بەر لافاوو هێرش کەوتووم. ئازاری زۆرم ئەو شەوە بینی، خەوم لێنەکەوت، ئازارە بتوانم دوو جۆرو دوو کەس بنوسم و بخوێنمەوە.

لەو سەردەم و رەوشەی شمعون بلاس لە بواری ئەدەب و کەلتووری عەرەبی لە ئیسرائیل کاری کردووە دووچاری رەخنەو لێپرسینەوەو چاودێری ئیستخباراتی بووە..؟؟!! لە وەلاَمی ئەو پرس و زانیاریەدا، وتویەتی:

ئەوەش بەندبووە بەو زانیارییەی لە لای دەزگاکانی ئیستخباراتی گەلاَلە دەبوون، بۆ پێداچوونەوەیان بۆ ئەو دەزگایانەی لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی خۆرهەلاَتی کاریان دەکرد. لە چی کار دەکەیت و بە دوای چیدا دەگەڕێیت..؟؟ دیارە ئەوانیش بەدوای ئەو هەلَویستانەدا دەگەڕان، تا خالە پەیوەستەکان بەدژایەتی کردنیان بە خۆرهەلاَت و عەرەب بدۆزنەوە. ئەوەش جاران دەکرا..! لە سەرەتاکاندا ئەوە دەکرا. نالَێم توێژەر بۆ ئەوە کاری کردووە، بەلاَم ئەوان لەو ناو توێژینەوەکان لەوانە دەگەڕان. ئەوەی شیاوی باسەو پێویستە ئاماژەی پێبدرێت، بایەخدان بە ئەدەبی عەرەبی، مێژووی ئیسلامی دەدرا، ئەوەش پێش دامەزراندنی دەولەتی ئیسرائیلیش هەبووەو لە زانکۆ عبرییەکان کاری بە بەرنامەی بۆ کراوە. لە دەرچووانی ئەو زانکۆیانەوە و پاش دامەزراندنی دەولەتی ئیسرائیل، کار بۆ ناساندن و تەرجمەو شارەزابوون بە ئەدەب و مێژووی عەەربی و ئیسلامی کراوە. خوێندن و ئاشنابوون بە زمانی عەرەبی زۆربوو، تا وای لێهات زمانی عەرەبی لە قۆناخەکانی ئامادەیی دەخوێندراو بە گەرمیش بەردەوامە. من دەلَێم، کار بۆ ناساندن و شارەزابوون لە ئەدەب و زمان و مێژووی عەرەبی بۆ بەرنامەو ویستی " ئیستخباراتی " نەبووە.

نابی وا تەماشابکرێت ئەوەی لە بواری ئەدەبی عەرەبی کار دەکات بۆ مەبەستی جاسوسیە، ئەگەر تەماشای کارە مەزنەکانی مامۆستاو رابەر، خوالێخۆشبوو "متیتاهۆ بیلد " بکەن، لە وەزیفەی سەربازییدا گەیشتە پلەی بەرزیش، کە خانەنشینیش بوو، هەر لەو بوارەدا کاری کردو یەکێکە لەوانەی دۆستایەتی ئیسرائیل و رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی ئتەودەکردو لە زانکۆی تل ئەبیبدا مامۆستای ئەدەبی عەرەبی بووە و بروانامەکەشی لەسەر ئەدەبی نەجیب مەحفووز بووە، پێش مردنی کاری مەزنی " " فقهاء الظلام " ی " سلیم برکات " تەرجمەی عبری کردو لەسەر ئاستی رەخنەگران و خوێنەرانەوە رەواجی چاکی هەبوو.

دوا دێری دیدارەکەش وەلاَمی ئەوەی داوەتەوە، کەوا ئەگەر کتێبێك بە زمانی عەرەبی هەلَبژێرێت بۆ خوێندنەوەی ئەوە، رۆمانەکەی " فقهاء الظلام " دەبێت، ئەگەر بە زمانی عبریش کتێبێك بۆ خوێندنەوە هەلَبژێرێت، ئەوە دووبارە بەو زمانەش هەمان کتێب هەلَدەبژێرێت.

---

بابەتەکە بە درێژی لە گۆڤاری " الکرمل" ی زانکۆی حیفای ئیسرائیلی ژمارە 60ی سالَی 1999 بلاَوکراوەتەوە.